# لێرە جێگەی ڕاگەیاندنی فەتوای کوشتن نابێتەوە!

بەدوای قسەکانی روناد سوگارد کە قەشەیەکی شاری ستۆکهۆڵمە کە محمەدی پێغەمبەری ئیسلامی بە پیدۆفیل لەقەڵەم داوە، مەلای مزگەوتی یاکۆبسبێری، لە ستۆکهۆڵم هەڕەشەی کوشتنی کەسی ناوبراوی کردووە بەوەی کە ئەگەر ئەم کەسە بکوژرێت ئۆباڵی لە ئەستۆی ئەوان نییەو بەڵکو بەهۆی قسەکانی خۆیەوەیەتی! کە ئەمەش ڕاگەیاندنی هەڕەشەی کوشتنە لە مینبەرێکی ڕەسمی‌یەوە لەم وولاتە.

ئەم ڕاگەیاندنەی مەلای مزگەوتی یاکۆبسبێری، تەواوکەری هەمان تیرۆرو ئینسان کوژی ئیسلامی‌یەکانە کە لە عێراق‌و ئێران‌و زۆرێك وولاتەکانی دنیادا پیادەی دەکەن. ئەمە ڕاگەیاندنی ئاشکرای تیرۆرو پێشێلکردنی ئازادی بیرو ڕادەربڕینە. ئەمە هەوڵی ئیسلامی‌یەکانە بۆ ئەوەی لە ناوجەرگەی ئەوروپاشدا ئینسان نەوێری‌و نەتوانێ بیرو ڕاکانی خۆی دەرببڕێ نەوەکو سەریببڕن‌و تیرۆری بکەن! بەڵام ئەم کارەیان لێرە بۆ ناچێتە سەرو ئێمە کۆمۆنیستە کرێکاری‌یەکان‌و خەڵکی ئازادیخوازو مەدەنی سوید ڕێگایان نادەین ئازادی بخنکێنن.

هەر بۆیە وێڕای ئەوەی کە ئەو هەڕەشەیەی ئیمامی مزگەوتی ناوبراو ڕسوا دەکەین، ناڕەزایەتی توند بەرامبەری دەردەبڕین‌و ڕایدەگەیەنین کە نابێت حکومەتی سویدی ڕێگە بە ئیسلامی‌یەکان‌و تەخشان‌و پەخشانکردنی فەتواو هەڕەشەکانیان بدەن. لەو پێناوەداو بۆ ڕاوەستانەوە بەرامبەر ئەو هەڵوێستەی ئیمام‌و ئیسلامی‌یەکان، خۆپیشاندانێك بەڕێدەخەین‌و بانگەوازی خەڵکی پێشکەوتنخوازو ناڕازی بەم تاقمانە دەکەین کە بێن‌و لەم ناڕەزایەتی‌یەدا بەشداری بکەن.

**کاتو شوێنی خۆپیشاندان**: **ڕۆژی یەك شەممە** 24.04.2005 **کاتژمێر** 15:00 **تا** 16:30 **لە** Vasaparken-korsningen Dalegatan och Odengatan

**کۆمیتەی سویدی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**
**ڕێکخراوی ئازادی ژن/ سوید**
**کۆمیتەی دیفاع لە مافەکانی ژنان**

بو زانیاری زیاتر پە یوەندی بکەن بەم ژمارە تلفونەوە جمال ایوب 0735547401